KCCRC
Political Studies ps




# قەیرانی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٧٩

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies PS

# قەیرانی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا

دکتۆر فوئاد عەلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٧٩

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# قەیرانی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا

دکتۆر فوئاد عەلی

## پێشەکی

ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە دیموکراسیی ڕۆژئاوا تووشی قەیرانێکی ڕاستەقینە بووە و گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە هەڕەشە لە سیستمە سیاسییەکەی دەکات، کار گەیشتووەتە ئەوەی ئاستی بزووتنەوە ڕاستڕەوە میللییەکان لە زۆر وڵاتانی دیموکراسی بەرزبێتەوە و لە کودەتایەک دەچێت بەسەر چەندین بەهای سیستمی دیموکراسیەتی لیبراڵی لە ڕۆژئاوادا.

لە بەرانبەر ئەوەدا زۆرینەی دەستەبژێری سیاسی و توێژەرانی سیاسی لە ڕۆژئاوا دەستەوەستان وەستاون لەبەرانبەر ئەو قەیرانەدا، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە دێت کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بڕوایان وابووە کە دیموکراسیەتی لیبراڵی ڕۆژئاوا «کۆتایی مێژووە» و مۆدێلێکە دەبێت هەموو جیهان پەیڕەوی بکات، بە تایبەتی بۆچوونەکانی زانای زانستی سیاسی ئەمەریکی «فرانسیس فۆکۆیاما» پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەم بابەتە باس لە گرنگترین خەسڵەتەکانی سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوا دەکات لەگەڵ ئاماژەدان بە هۆکارە سیاسی و دامەزراوەییەکانی ئەم قەیرانە.

## خەسڵەتەکانی قەیرانی دیموکراسیی ڕۆژئاوا

دەرکەوتە و خەسڵەتەکانی دیموکراسیی ڕۆژئاوا خۆی لەزۆر بوار دەبینێتەوە، وەک زیادبوونی ئۆپۆزسیۆنی میللی دژ بە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەروەها بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی دژ بە جیهانگیری و بازاڕی ئازاد و ئابووری سەرمایەداری و داخوازی بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئابووری و کشانەوە لە ڕێککەوتنەکانی ئابووری ئازاد و پرۆژەکانی تێکەڵی ئابووری وەک ئەوەی لە یەکێتی ئەوروپا و ڕێککەوتنی نافتادا هەیە، سەرەڕای بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی دژ بە بوونی کەمینە نەژادی و ئایینییەکان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا و ڕێگەگرتن لە کۆچبەران و ڕاگرتن و ڕەتکردنەوەی ئەو هاوکارییەی بە ناو سۆشیال و تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەدرێت بە کۆچبەرە تازەکان(١).

لەلایەکی تر تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە زۆرینەی وڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوادا پاشەکشەیەکی بەرچاو لە ئاستی میللی پارتە کلاسیکییەکان دەبینرێت بەرەو ڕاستڕەوی ناوەند و چەپی ناوەند، کە پێشتر ئەو پارتە کلاسیکیانە لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتانی ڕۆژئاوایان کۆنترۆڵ کردبوو، هەروەها لایەنگیری بۆ پارتە سیاسییەکان و متمانە بە دەستەبژێرە سیاسییەکان و ڕێژەی بەشداری سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژئاوا زۆر کەمی کردووە، جگەلەوەش نارەزایتییەکان و بزووتنەوە نافەرمییەکان زیادی کردووە، بۆ نموونە بزووتنەوەی «جل زەردەکان» لە فەڕەنسا کە شوێنی سەندیکا و ڕێکخراوە کلاسیکییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی گرتووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی مەترسیدارترین دەرکەوتەی قەیرانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لەم ساڵانەی دواییدا بریتییە لە بەرزبوونەوەی ئاستی پشتیوانی میللی پارتە ڕادیکاڵە چەپ و ڕاستڕەوەکانی وڵاتانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لەسەر حسابی پارتە سیاسییە کلاسیکەکان، هەروەها سەرکەوتنی بەشێک لەو پارت و بزووتنەوە میللییە ڕاستڕەوانە بە گەیشتن بە دەسەڵات، وەک ئەمەریکا و ئیتالیا و بەرازیل و مەجەر و پۆڵەندا و نەمسا،

لە لایەکی تر بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی ئەو بزووتنەوە ڕاسترەوانە لە وڵاتانی وەک سوید و ئەڵمانیا و هۆڵەندا، هەر ئەم فشارانەی ڕاسترەوەکان وایکرد بریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا دەربچێت، ئەمانە هەمووی بوون بەو مەترسیانەی کە گڵۆڵەی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوای کلاسیکی بەرەو لێژی بڕوات و سیستمێکی دیموکراسی میللی نا لیبراڵ (illiberal democracy) سەرهەڵبدات(٢).

> له وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕۆڵی هاوڵاتی له پاشەکشەی بەردەوامدایە و کەمترین بایەخیان له حساباتی سیاسی پارته سیاسییەکاندا پێدەدرێت

### هۆکارە سیاسی و دامەزراوەییەکانی قەیرانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا

قەیرانی سیستمی دیموکراسیەتی لیبراڵ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگەڕێنەوە، بەڵام لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر بواری سیاسی و دامەزراوەیی، بە تایبەتی پاش دەرکەوتنی دیاردەی کۆنترۆڵکردنی لایەنی لیبراڵ بەهەردوو باڵەکەی ئابووری و سیاسی بەسەر لایەنی دیموکراسی (دەسەڵاتی زۆرینە و سەروەری میللی)، زۆربەی چاودێران وایدەبینن کە دیموکراسیەتی لیبراڵ لە جیهانی ڕۆژئاوادا بۆ سیستمی لیبراڵی نیمچە دیموکراسی، یان ئۆلیگارشی گۆڕاوە، ئیرادەی میللی زۆر پاشەکشەی کردووە و زۆرینەی بڕیارە چارەنوسسازەکان لە ژوورە داخراوەکان و دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکاندا دەدرێت، وەک گرووپەکانی بەرژەوەندی و بانکە ناوەندییەکان و یەکێتی ئەوروپا و بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، نموونەی زیاتر لەو بارەیەوە وەک ئەزمونی پارتی «سیریزا»ی یۆنان، کە بەهۆی ئەوەی دژ بە سیاسەتی ئەقەشوفی ئەلترویکای ئەوروپی بوو بەسەر یۆنانیدا ئەوا گەیشتە دەسەڵات، بەڵام دواجار سەرەڕای ڕەتکردنەوەی فراوانی میللی بەناچاری بۆ قبوڵکردنی ئەو سیاسەتە ملی کەچکرد(٣).

پاشەکشەی لایەنی دیموکراسی و باڵادەستی لایەنی لیبراڵی بۆ چەند هۆکارێکی سیاسی و دامەزراوەیی دەگەڕێنەوە، گرنگترینیان ئەمانەن(٤):

١- لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەژموونی دەستەبژێری سیاسی و پارتی سیاسی بۆ پارتە ڕاسترەو و چەپڕەوی ناوەند لە پرۆسەی سیاسیدا لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا زۆر بەرنەسک کراوەتەوە، لەم ماوەیەدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تەنها لە نێوان ئەو پارتە سیاسییە دیاریکراوانەدا بووە، کە ئاراسنەی ئابوریان لەیەکتر نزیکبووە، ناکۆکییەکانیشیان تەنها لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی و مافەکان بووە، ئەم دەستەبژێرە هەژموونداره لە بنەڕەتدا پێکهاتوون لە پیاو و ئەوانەی دەرچووی زانکۆ بەرزەکانن لە هەردوو چینی ناوەڕاست و بەرزی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی ژنان و کەمینەکان و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ڕۆڵیان لە دەسەڵاتدا زۆر لاواز بووە، واتە دەستەبژێری سیاسی هەژموونداز ئەوانە بوونە کە ئاستی خوێندن و ئابوریان بەرزبووە و هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دەسەڵاتدا ئەنجام نەدراوە.

٢- لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆرینەی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا شێوازێکی دەسەڵاتی تەواوفوقی و گفتوگۆکردنی گرتووەتەبەر، زۆرینەی ناکۆکییەکان لە ڕێگای گفتوگۆکردن و موساوەمەی

نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، هەرچەندە ئەم شێوازی حوکمڕانییە ماوەیەکی دوور و درێژە لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوادا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە پرۆسەی بڕیاری سیاسی لەدەرەوەی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکاندایە و بۆ ژوورە داخراوەکان گواستراوەتەوە، ئەمەش بووەتە ئەوەی کە ئیرادەی میللی هیچی تر متمانەیان بە سیستمی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا نەمێنێت.

٣- هەڵکشانی ڕۆڵی تەکنۆکرات و دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی و پسپۆڕی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی ناوخۆیدا، بە تایبەتی ڕۆڵی دادگا و بانکە ناوەندییەکان و دامەزراوە تایبەتمەندییەکان کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە کێشە و ناکۆکییەکاندا هەیە، بەمشێوەیە بابەت و بوارە دیموکراسییەکان خزێنراوەتە ژێر ڕکێفی دامەزراوە یاسایی و تەکنۆکراتییەکان لە ڕۆژئاوادا.

٤- هەڵکشانی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا، وەک یەکێتی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنە دراوی و ئابوری و بازرگانییەکان، هەموویان لەلایەن ئیدارەیەکی پسپۆڕی ناهەڵبژێردراوەوە بەڕێوەدەبرێن و بڕیارەکانیان بەسەر زۆرینەدا دەسەپێنرێن کە لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتیان ناکەن، بەمشێوەیە بڕیارەکانیان لە بواری بەرژەوەندی نیشتمانی و دامەزراوە هەڵبژێردراوە لۆکاڵییەکانەوە بۆ بەرژەوەندی بوارەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەگوازرێنەوە.

٥- هەڵکشانی ڕۆڵی گرووپەکانی بەرژەوەندی لە دروستکردنی بڕیاردا، ئەمەش لە ڕێگای زۆربوونی ڕۆڵی دارایی بەسەر بڕیاری سیاسی، بۆیە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان لە سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوا سەرئەنجام بۆ ئەو قەوارە و لایەن و کەسانە دەبێت کە زیاتر بەرژەوەندی گرووپەکانی بەرژەوەندی دەپارێزن و بەرگریان لێدەکەن، بەمەش ئەوەندەی بەرگری لەو گرووپانە دەکەن، ئەوەندە ناتوانن بەرگری لە دەنگدەران بکەن، بۆ نموونە لە ئەمەریکا دارایی سیاسی و گرووپەکانی بەرژەوەندی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لەسەر کاندیدەکان دەبینن، بۆ نموونە یاسای هەڵگرتنی چەک دیارترین نموونەیە لە ئەمەریکا، «کۆمەڵەی نیشتمانی چەک» لە ئەمەریکا هەژموونی تەواوی بەسەر پارتی کۆمارییەوە هەیە بۆ هەر هەوڵێک کە بیدات بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی چەکهەڵگرتن، ئەمە لە کاتێکدایە کە فشار و داخوازییەکی زۆری میللی بۆ ئەو بابەتە هەیە.

٦- بوونی کەلێنێکی زۆر لەنێوان هەڵوێستی

**”**

**دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا توشی قەیرانێکی ڕاستەقینە بووە و گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە هەڕەشە لە سیستمە سیاسییەکەی دەکات**

**“**

دەستەبژێری سیاسی فەرمانڕەوا و هاووڵاتیان لەسەر بابەتی کەمینە و کۆچبەراندا، کۆچی خێرا و فراوانی وڵاتانی باشوور و ڕۆژئاوا بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بووەتە هۆی ناهاوسەنگی لە دانیشتوان و ئاستی ڕۆشنبیری لەو وڵاتانەدا و هەستکردنی زۆرینەی مەسیحی سپییست کە ئەم پرۆسەیە هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەریان، لە ئەورووپا و بەهۆی ناکۆکی نێوان وڵاتانی لەسەر کۆچبەران وایکردووە بەشێک لەو وڵاتانە سنورەکانیان کراوە بێت و ڕێژەیەکی زۆری کۆچبەران لە باشوور و ڕۆژهەڵات

بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا کۆچ بکەن، هەندێک وڵاتی ئەورووپا وەک مەجەر و پۆڵەندا ئەو سیاسەتی کرانەوەیەی بەرانبەر بە کۆچبەران ڕەتکردووەتەوە، بەرانبەر بەوە ئانجێلا مێرکڵ ڕێگای بە زیاتر لە یەک ملیۆن کۆچبەری سوریا داوە کە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بن بەبێ ئەوەی حساب بۆ گەلی ئەڵمانیا بکات، بەمشێوەیە بزووتنەوەی میللی جۆراوجۆر دژ بە سیاسەتی دەستەبژێری وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا دژ بە کۆچبەران دروستبووە کە بڕوایان وایە لەدوارۆژدا ئەمە دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر پێکهاتەی دانیشتوان و ناهاوسەنگی ڕۆشنبیریی لە وڵاتەکانیاندا.

٧- ڕۆڵی پارتە چەپڕەوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا گۆڕاوە، لەبری بایەخدان بە چینی کرێکار و خوارەوە، ئەوا گرنگی بە چینەکانی ناوەڕاستی کۆمەڵ دەدەن، واتە دیدگای پارتە چەپڕەوەکان گۆڕا بەوەی ململانێکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە گۆڕاوە و بەمشێوەیە چینی کرێکار لە موعادەلەی سیاسی پارتە چەپڕەواکان دەرهێنراوە و لەبری ئەوە بایەخ بە چینەکانی ناوەڕاستی تازەی کۆمەڵ دەدات کە زیاتر تابعێکی جۆرایەتین و بایەخ بە گرووپە خاوەن داخوازییەکان و مافەکان دەدات.

٨- گرووپەکانی چۆنایەتی و خاوەن مافەکان لە هەژموون و ئەجێندای سیاسی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادایە، وەک مافی ژنان و کەمینەکان و ژینگە و مافی ڕەگەزی و توخم، ئەمانە هەمووی لەسەر حسابی بابەتی ئابووری و کۆمەڵایەتین کە لەلایەن گرووپەکانی بەرژەوەندی و پسپۆڕان و تەکنۆکراتە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکانەوە یەکلادەکرێنەوە.

٩- پاشەکشەی هاوسەنگی لەنێوان ئازادی کەسی لەلایەک و ئیرادەی میللی لەلایەکی ترەوە، لەو بارەیەوە بۆچوونەکان گۆڕاون و بۆ نموونە ئازادی کەسی (مافی ژنان و کەمینەکان و ئازادی ڕەگەزی) بووەتە بایەخی لەپێشینەی سیستمی دیموکراسی لەسەر حسابی ئیرادەی میللی و بابەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی گشتی، بۆ نموونە بابەتی کۆچبەران لە ئەڵمانیا و مافی هاوڕەگەزەکان لە ئەمەریکا، لێرەدا دادگا یەکلاکەرەوەیە بۆ بڕیاری کۆتایی نەک ئیرادە و ویستی میللی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕۆڵی هاووڵاتی لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و کەمترین بایەخیان لە حساباتی سیاسی پارتە سیاسییەکاندا پێدەدرێت، بۆیە ئێستا لەدەرەوەی سیستمی سیاسی دیموکراسی کلاسیکی ڕۆژئاوادا پارت و گرووپ و بزووتنەوەی جۆراوجۆر لە چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوە و سەرمایەداره لۆکاڵییەکانی چەپڕەو و ڕاستڕەوی ناوەند دژ بە سیاسەتی دەستەبژێری لیبراڵی چەپڕەو و ڕاستڕەو دروستبوونە کە تەواوی بەرنامە و هەژموونی دەستەبژێری سیاسی و ڕێکخراوەکانی سنور بڕ و گرووپەکانی بەرژەوەندی ڕەتدەکەنەوە.

## تێگەیشتن لە لایەنە جیاوازەکانی قەیرانەکە

بەگشتی بواری سیستمی سیاسی هەر لەسەرەتاوە بووەتە دوو بەش، یەکەمیان پەیوەستە بە توێژینەوە لە سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوا و دینامیکیەتی ناوخۆیی لە نێوان سیستمی حزبی و هەڵبژاردن و سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و پێوانەی ڕایگشتی و لێکۆڵینەوە لە سەرەتا و گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکانی وەک بزووتنەوەکانی ژینگە و بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکان و ڕەگەزایەتییەکان و پەیوەستبوونی ئەم جوڵانەوانە بە گواستنەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی بۆ کۆمەڵگای دوای پیشەسازییەوە(٥)، دووەمیان ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئەو توێژینەوانەی کە گرنگی بە سیستمی سیاسی نادیموکراسی لە ڕۆژهەڵات و باشوور دەدەن، زۆرینەی توێژینەوەکان لە هۆکاری گەشەنەکردنی دیموکراسیەتی ئەو وڵاتانە دەکۆڵنەوە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەلایەکی تر ئەو هۆکارانە دەستنیشان دەکەن کە یارمەتیدەرن بۆ گواستنەوە لە سیستمی دەسەڵات و دکتاتۆری بۆ سیستمی دیموکراسی و لیبراڵی، بۆ ئەو مەبەستە «تیۆری نوێگەری»

بە گرنگترین تیۆرە دادەنرێت لەو بوارەدا، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد چەند تیۆرەیەکی تری بواری گواستنەوە بۆ قۆناغی دیموکراسیەتی گەلان دەرکەوتن، کە فۆکەسی لەسەر دەستەبژێری سیاسی دەکرد بۆ گواستنەوە لە سیستمی دەسەڵاتەوە بۆ سیستمی دیموکراسی، ئەمەش لەسەر بنچینەی فەرامۆشکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و رادیکاڵییەکانی کۆمەڵگا بوو کە داواکاری گۆڕانکاری ریشەییان دەکرد، تاکە پاداشت بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بریتی بوو لە قبوڵکردنی پرەنسیپەکانی سەرمایەداری بەرانبەر بەوە ئازادی سیاسی و مەدەنی بەدەستدەهێنن کە سەروەتی سیستمی دیموکراسیەتی لیبراڵی رۆژئاوایە، بۆیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بواری زانستی سیاسی لەسەر بنچینەی ئەو گریمانە سەرەکییە دامەزراوە کە دیموکراسیەتی لیبراڵی رۆژئاوا بریتییە لە مۆدێل و ئامانجی کۆتایی کە هەموو سیستمە سیاسییەکان بەرەو خۆی رادەکێشێت، پاشەکشە و گەشەکردنی دیموکراسیەت لە جیهاندا تەنها پەیوەستە بە وڵاتانی رۆژهەڵات و باشوورەوە، بەڵام وڵاتانی رۆژئاوا گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی و کۆتایی مێژوو، تا ئەم دواییانەش توێژەران بڕوایان وابوو کە دیموکراسیەتی لیبراڵی هیچ پاشەکشەیەک ناکات و تەنانەت هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام پاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە وڵاتانی رۆژئاوای گرتەوە و مەترسی و قەیران بۆ بەها سەرەکییەکانی دیموکراسیەت دروستبوو، ئەوا توێژەران سەرقاڵی پێداچوونەوەن بە گریمانەکانی بواری زانستی سیاسی.

بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانانەی کە بەرۆکی سیستمی دیموکراسیەتی رۆژئاوای گرتووەتەوە، دەکرێت لە روانگەی سێ دەروازە روونبکرێتەوە(٦):

دەروازەی یەکەم: بریتییە لە قۆناغی «دوای گەشەسەندن و گواستنەوەی دیموکراسی--post Democratization » کە لەدوای رووخانی یەکێتی سۆڤێتەوە دەستپێیکرد کە بە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسیەت ناسراوە، تیۆر و توێژینەوەکان بایەخ بە دیموکراسەتی تازە دەدەن کە بریتییە لە تێکەڵەی نێوان سیستمی نیمچە دکتاتۆری، یان نیمچە دیموکراسی کە سیستمێکی تێکەڵە بە «دیموکراسیەتی نالیبراڵی–illiberal democracy» ناسراوە، بەڵام ئەم تیۆرانە سروشتێکی وەسفی و پۆلێنییان هەیە و دوورن لە ئامرازی شیکردنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم تیۆرانە هیچ سوودێکیان بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکاری و گەشەکردنانەی ئەم دواییانەی جیهانی رۆژئاوا نییە، تەنانەت کورتبینانە سەیری پرۆسەی دیموکراسیەت و شەپۆلی سێیەمی دیموکراسیەت لە وڵاتانی رۆژهەڵات و باشوور دەکات، کە هێشتا دیموکراسیەتی لیبراڵی تێدا ڕەگ و ریشەی دانەکوتاوە، لەوبارەیەوە هەندێک سەرکردەی راستڕەوی میللی وەک سەرەک وەزیرانی مەجەر «ڤیکتۆر ئۆربان» زاراوەی دیموکراسیەتی نالیبراڵی بەرانبەر بە لیبراڵیەتی نادیموکراسی بۆ پرۆژە سیاسییەکەی بەکاردەهێنێت.

دەروازەی دووەم: ئەم دەروازەیە پەیوەستە بە قەیرانی پارتەکان و بەشداری سیاسی کلاسیکی و پاشەکشەیان، ئەمەش بەهۆی هۆکاری پەیوەست بە گۆڕانی بوونیادی چینایەتی لە کۆمەڵگاکانی پاش سەردەمی پیشەسازی و پاشەکشەی «سیاسەتی جەماوەری و زۆرینە– Mass politics»، هۆکارەکەی بریتییە لە هەڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان پارتە سیاسییە چەپڕەوەکان و سەندیکا کرێکارییەکان لە لایەک و پەیوەندی نێوان پارتە پارێزەرەکان و چینی بۆرژوازی لەلایەکی ترەوە، ئەم گۆڕانکارییە بوونیادییە چینایەتییە بووە هۆی هەژموونی چینە بۆرژوازییەکان و چینی ناوەند بەسەر پارتە چەپڕەو و راستڕەوە ناوەندەکان و پاشەکشەی رۆڵی چینی کرێکاران و سەندیکا کرێکارییەکان، لەلایەکی تر گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیا و نەوەکانی کاریگەری لەسەر بەشداری سیاسی دروستکردووە، بۆ نموونە گەنجان و نەوەی تازە کەمترین پەیوەندیان بە پارتە سیاسییە کلاسیکییەکانەوە هەیە و خۆیان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە راستەوخۆ بەشداری سیاسی لە رێگای جیهانی گریمانەیی و تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنی تازە و سۆشیال میدیاوە بکەن، هەرچەندە تا ئێستا

و لەژێـر ئـەو گۆڕانکارییـە چینایەتـی و تەکنەلۆجـی و ئـەو گۆڕانکاریانـەی کەبەسـەر نـەوەی تـازەدا هاتـووە نەبووەتـە هـۆی ئـەوەی گۆڕانکارییەکـی تـازە و بەرچـاو بەسـەر شـێوازەکانی بەشـداریکردنی سیاسـی لـە کۆمەڵـگا ڕۆژئاواییەکانـدا ڕووبـدات.

دەروازەی سـێیەم: ئەمـە برینییـە لە دەروازەی ڕۆشـنبیری و شـوناس، لـە ئێسـتادا و لـە ئـەم قۆناغـە مێژووییـەدا ئـەم دەروازەیـە جەخـت لـە ئەجێنـدای بابەتـی شـوناس دەکاتـەوە کـە لـە پێـش بابەتـی چینایەتـی و ئابورییەوەیـە، ململانێکانـی سـەدەی بیسـتەم ململانێیـە لەسـەر شـوناس و لەشـێوەی ململانێـی ناوخۆیدایـە لـە نێـوان گرووپـە نـەژادی و ڕۆشـنبیرییەکاندا، لەوبارەیـەوە «سـامۆئێل هانتنگتـۆن» لـە کتێبەکەیـدا «ململانێـی نێـوان شارسـتانییەتەکان»دا بـاس لـەم بابەتـە دەکاتـ، جگـە لـەو چەندیـن بابەتـی ئەدەبـی و فەلسـەفی و توێژینەوەیـنر بـاس لـە هەڵکشـانی ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەکان دەکاتـ لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوادا کـە هەڵگـری دروشـمی شوناسـن و دژ بـە گۆڕینـی دیمۆگرافیـای کۆمەڵگاکانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و کۆچبـەران و فرەیـی ڕۆشـنبیری و نەژادیـن لـە کۆمەڵگاکانیانـدا.

لەگـەڵ گرنگـی ئـەم دەروازانـە، بـەڵام لایەنێکـی تـر کـە ونـە و بـاس نەکـراوە، برینییـە لـە پێویسـتی بوونـی تێگەیشـتن لـە جیـاوازی و ناکۆکـی لەسـەر ئاسـتی تیـۆری و مەیدانـی لە بوونیـادی دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوا، ئەویـش جیـاوازی نێـوان لیبراڵیەتـی ئابـووری و سیاسـی لەلایـەک و دیموکراسـیەت، یـان ئیـرادەی میللـی لـە لایەکـی تـرەوە، ئـەم جیـاوازی و ناهاوسـەنگییەی نێـوان ئـەو دوو ئاڕاسـتەیە بووەتـە هـۆی لەدایکبوونـی ئـەو قەیرانـەی کـە لەئێسـتادا دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوای گرتووەتـەوە.

هەروەهـا پێویسـتە پێداچوونەوەیـەک بـە تیۆرەکانـی زانسـتی سیاسـی و دیموکراسـی بکرێـت کـە بەجۆرێـک شـیکردنەوەی بـۆ کۆمەڵگاکانـی پـاش قۆناغـی پیشەسـازی کـردووە و زیاتـر فۆکەسـی خستووەتەسـەر چینـی ناوەڕاسـت و بابەتـی مـاف و جۆرایەتـی، هەروەهـا پێویسـتە تێڕوانینـە چینەیەتـی و مارکسـییەکانیش بـۆ دینامیکیەتـی کۆمەڵـگا ڕۆژئاواییـەکان بگۆڕێـت، هەربۆیـە تێڕوانیـن و شـیکردنەوەکانی مارکسـییە نوێیـەکان بـۆ کۆمەڵـگا ڕۆژئاواییەکانـی دوای قۆناغـی پیشەسازی هۆکارێـک بـوون بـۆ ئـەوەی چینی کرێکاران و چینـی خـوارەوە لەسـەر ئاسـتی تیـۆری و مەیدانیـدا ببێنـە هـۆی پاشەکشـەی چەپـەکان و سـەرکەوتنی ڕاسـتڕەوەکان لـە ئێسـتادا و لەنێـو چینـی کرێـکاران و زۆربـەی کۆمەڵـگا ڕۆژئاواییەکانـدا.

جێـگای ئاماژەپێدانـە لـە ئێسـتادا ئەدەبیاتـی ئابـووری زۆرتریـن تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی بـۆ قەیرانی سیسـتمی دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوا هەیـە، لەسـەروی هەموویانـەوە نووسـینەکانی»تۆماس بکێتـی» کـە بـاس لـە نایەکسـانی و نادادپـەروەری ئابـووری لـە جیهانـدا دەکات، هەروەهـا نووسـینەکانی»جۆزیف سـتیجلنز» بـاس لـە شـوێنەوارە نەرێنییەکانـی جیهانگیـری ئابـووری لـە جیهانـدا دەکات.

لەڕوانگـەی ئـەو شـیکردنەوانەی سـەرەوەدا، پێویسـتە تیشـک بخرێتەسـەر لێکەوتـە نەرێنییەکانـی زاڵبوونـی لیبراڵیەتـی ئابـووری و سیاسـی بەسـەر ئیـرادەی میللیدا، لەگـەڵ ڕاسـتکردنەوەی ئـەو هەڵانـەی کـە بوونیـادی دیموکراسـیەتی لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا ناشـرینکردووە و تێکـداوە.

## دەرەنجام

١- ئامـاژەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوا تۆشـی قەیرانێکـی ڕاسـتەقینە بـووە و گەیشـتووەتە ئـەو قۆناغـەی کـە هەڕەشـە لـە سیسـتمە سیاسـییەکەی دەکات.

٢- خەسـڵەتی ئێسـتای کۆمەڵگاکانـی ڕۆژئـاوادا برینییـە لـە بەرزبوونـەوەی دەنگـی نارەزایەتـی دژ بـە بوونـی کەمینـە نـەژادی و ئاینییـەکان و ڕێگەگرتـن لـە کۆچبـەران و ڕاگرتـن و ڕەتکردنـەوەی ئەو هاوکارییـەی بـە نـاو سۆشـیال و تۆڕەکانـی پاراسـتنی کۆمەڵایەتـی دەدرێـت بـە کۆچبـەرە تـازەکان.

٣- لـە زۆرینـەی وڵاتانـی دیموکراسـی ڕۆژئـاوادا پاشەکشـەیەکی بەرچـاو لـە ئاسـتی میللـی پارتـە کلاسـیکییەکان دەبینرێـت بـەرەو ڕاسـتڕەوی ناوەنـد و


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

چەپی ناوەند.
٤- مەترسیدارترین دەرکەوتەی قەیرانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لەم ساڵانەی دوایدا بریتییە لە بەرزبوونەوەی ئاستی پشتیوانی میللی پارتە ڕادیکاڵە چەپڕەو و ڕاستڕەوەکانی وڵاتانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لەسەر حسابی پارتە سیاسییە کلاسیکەکان.
٥- دیموکراسیەتی لیبراڵی لە جیهانی ڕۆژئاوادا بۆ سیستمی لیبراڵی نیمچە دیموکراسی، یان ئۆلیگارشی گۆڕاوە، ئیرادەی میللی زۆر پاشەکشەی کردووە و زۆرینەی بڕیارە چارەنوسسازەکان لە ژوورە داخراوەکان و دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکاندا دەدرێت.
٧- لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە هەژموونی دەستەبژێری سیاسی و پارتی سیاسی بۆ پارتە ڕاستڕەو و چەپڕەوی ناوەند لە پرۆسەی سیاسیدا لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا زۆر بەرتەسک کراوەتەوە.
٨- زۆرینەی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا بریتییە لە موساوەمەی نێوان دەستەبژێرە سیاسییەکان بۆیە ئیرادەی میللی هیچ متمانەیەکیان بە سیستمی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا نەماوە.
٩- بوارە دیموکراسییەکان خزێنراوەتە ژێر ڕکێفی دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی و پسپۆڕی جۆراوجۆر و دامەزراوە یاسایی و تەکنۆکراتییەکان لە ڕۆژئاوادا.
١٠ - کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان لە سیستمی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا سەرئەنجام بۆ ئەو قەوارە و لایەن و کەسانە دەبێت کە زیاتر بەرژەوەندی گرووپەکانی بەرژەوەندی دەپارێزن و بەرگرییان لێدەکەن.
١١- بزووتنەوەی میللی جۆراوجۆر دژ بە سیاسەتی دەستەبژێری وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا دژ بە کۆچبەران دروستبووە کە بڕوایان وایە لەدواڕۆژدا ئەمە دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر پێکهاتەی دانیشتوان و ناهاوسەنگی ڕۆشنبیری لە وڵاتەکانیاندا.
١٢- ڕۆڵی پارتە چەپڕەوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا گۆڕاوە لەبری بایەخدان بە چینی کارکەر و خوارەوە ئەوا گرنگی بە چینەکانی ناوەڕاستی کۆمەڵ دەدەن.

١٣- بۆچوونەکان لە سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوا گۆڕاون بۆ نموونە ئازادی کەسی(مافی ژنان و کەمینەکان و ئازادی ڕەگەزی) بووەتە بایەخی لەپێشینەی سیستمی دیموکراسی لەسەر حسابی ئیرادەی میللی و بابەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی گشتی.
١٤- لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕۆڵی هاووڵاتی لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و کەمترین بایەخیان لە حساباتی سیاسی پارتە سیاسییەکاندا پێدەدرێت.
١٥- لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد چەند تیۆرەیەکیتری بواری گواستنەوە بۆ قۆناغی دیموکراسیەتی گەلان دەرکەوتن کە فۆکەسی لەسەر دەستەبژێری سیاسی دەکرد بۆ گواستنەوە لە سیستمی دەسەڵاتەوە بۆ سیستمی دیموکراسی کە لەسەر بنچینەی فەرامۆشکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و ڕادیکالییەکانی کۆمەڵگا بوو کە داواکاری گۆڕانکاری ڕیشەییان دەکرد.
١٦- تاکە پاداشتی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا بۆ کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات و باشوور بریتیبوو لە قبوڵکردنی پرەنسیپەکانی سەرمایەداری بەرانبەر بەوە ئازادی سیاسی و مەدەنی بەدەستدەهێنن.
١٧- قۆناغی «دوای گەشەسەندن و گواستنەوەی دیموکراسی-post-Democratization » کە لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤێتەوە دەستیپێکرد کە بە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسیەت ناسراوە و بریتییە لە تێکەڵەی نێوان سیستمی نیمچە دکتاتۆری یان نیمچە دیموکراسی کە سیستمێکی تێکەڵە بە «دیموکراسیەتی نالیبراڵی-illiberal democracy».
١٨- گەنجان و نەوەی تازە کەمترین پەیوەندییان بە پارتە سیاسییە کلاسیکییەکانەوە هەیە و خۆیان ئارەزوی ئەوە دەکەن کە ڕاستەوخۆ بەشداری سیاسی لە ڕێگای جیهانی گریمانەیی و تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنی تازە و سۆشیال میدیاوە بکەن.
١٩- ئەو گۆڕانکارییە بوونیادییە چینایەتییەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بووە هۆی هەژموونی چینە برجوازییەکان و چینی ناوەند بەسەر پارتە چەپڕەو


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

و ڕاسترەوە ناوەندەکان و پاشەکشەی ڕۆڵی چینی کرێکاران و سەندیکا کرێکارییەکان.

٢٠- ململانێکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژئاوادا ململانێیە لەسەر شوناس و لەشێوەی ململانێی ناوخۆیدایە لە نێوان گرووپە نەژادی و ڕۆشنبیرییەکاندا.

٢١- هەڵکشانی کێرڤی ڕاسترەوە توندڕەوەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کە هەڵگری دروشمی شوناسن و دژ بە گۆڕینی دیمۆگرافیای کۆمەڵگاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆچبەران و فرەیی ڕۆشنبیریی و نەژادین لە کۆمەڵگاکانیاندا.

٢٢- جیاوازی نێوان لیبراڵیەتی ئابووری و سیاسی لەلایەک و دیموکراسیەت یان ئیرادەی میللی لە لایەکیترەوە بووەتە هۆی ئەو جیاوازی و ناهاوسەنگییەی نێوان ئەو دوو ئاراستەیە لەدایکبوونی ئەو قەیرانەی کە لەئێستادا دیموکراسیەتی ڕۆژئاوای گرتۆتەوە.

## سەرچاوە


١- https://acpss. ahram. org. eg/ui/front/Search.
A %aspx? Text=%D٨

٢- https://studies. aljazeera. net/ar/bookrevisi
html.١٩٠٧٢٢١٠٤٣٥١٧٥٩/٠٧/٢٠١٩/on

٣- %D٩%٨٤%D٩%٨٥%D٩%B٩%https://eipss-eg. org/%D٨
-AA%D٨-A٩%٨A%D٨

٤- aspx. ١٦٨٣٢/https://acpss. ahram. org. eg/News

٥- https://books. google. iq/books? id=Yg-tDQAAQ
%B٢%D٨%A٣%dq=%D٨& lpg=PA٦١& BAJ& pg=PA٦١
٨A%D%AF%D٩%D٨%٨٤%D٩%A٧%D٨%+A٩%D٨%٨٥%D٩
%D٩%٨٥%٩

٦- aspx. ١٦٨٣٢/https://acpss. ahram. org. eg/News

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS